مەهاباد قەرەداغی

# یۆگایەک لە ژوواندا

لەوێ ، کە هەموو شتێ تامی ئاورینگ دەدا
کە جوانییەکان لە بەر تیشک ڕاکشاون
لەگەڵ سیحرا دەدوێن
لەوێ،
هەستەکان پەیتا پەیتا،
بە سەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن
لەوێ، سۆزەکان لە ئامێزی یەکتردا
لە ژێر ڕووناکی چراکانی چاو
بە چرپە داستانی چاوبازی بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و،
لە حەژمەتی عەشقدا.. دەبن بە تنۆکێ ئاو
لەوێ، کە هەموو لە هێمنیدا،
لە خاوبوونەوە و خەودا،
لە ناز و نیازدا، خەڵتانی خەڵوەتن
کە هەموو لە ژێر شۆرەبی شەودا
بە سۆنگەی ماچێ، غەرقی لەززەتن،
لەوێ، کە گشتمان چوون گژوگیا بە دەم لەرزانەکانی سەماوە دەلەرینەوە
بە دەم شنەکانی شادیدا دەخەنینەوە
لەوێ تەنها تاوێ نەرم نەرم لە سێبەری خاوی خۆرەتاوێ
تۆ وەرە و چاوێ لە چاوی چەپی ڕۆحم کە و
نیگاری وردی ناخم بکێشە
چاوێ لە چاوی ڕاستی ڕازم کە و
بە مەستییەوە حەسرەت بکێشە
لەوێ، کە تۆ هەڵوەدا و من هەودام
کە تۆ مەستی هەستی و من سەودام
کە تۆ لانەوازێکی بێنیازی و من جێگام
لە قووڵایی قەوارەمدا ئۆقرە بگرە و،
لە ناو پەناگای نیگامدا ببورێوە
بە دەم بورانەوە و سەماوە
لە پێکێکی کریستاڵدا کامەرانیم وێدە
تا بەختیاریت بۆ چێکەم
ئەدرەسی بیناییتم بۆ بنێرە
تا لە ناو زەرفی چاومدا سۆماییمت بۆ بەرێکەم
بە باڵەکانمەوەت دەپێچمەوە تا دەخەوی و ناخەوی
هەر کە نووستی و نەنووستی،
بە دەم خەونێکی شەرابی سادەوە
لە ساتەکانی سەودایی و سەهەندەییم ڕابمێنە

تا بڕوانمە شینایی شێتیت
لەوێ،
لە ژووانگەی بەرخۆری خۆرهەڵاتدا
خاڵێک هەیە ڕەش چوون سۆماییم
بیکە بە ڕووگە و ڕووی تێکە
لەوێ.. من تنۆکێ ئاونگم بە سەر سونبولێکەوە
کە شەوانە لەبەر ساتەشەرمی ژووان خەڵتانی ئارەقە
ئێستا بە دەم ڕامانێکی تیشکئاساوە
لەسەر ئەم نەرمەچنوورەی جێژووان ڕاکشێ و،
لە بەر خاوەردا خاوبەرەوە
تا ئەوپەڕی خاوبوونەوە
چاولێک بنێ!
دەبینی.. فریشتەیەک دێت و
فەرشی فەرامۆشیت بۆ ڕادەخات
سەرینێکی یاسەمەنت لەژێر سەر دەنێت
لێفەیەکی لاولاوت بە سەردا دەدات
دەبینی،
بارانێکی شەوبۆ گوڵاوپەرژێنت دەکات
خەیاڵێکی وەنەوشەیی ختوکەت دەدات
چاوت لێک بنێ و، بنۆڕە
چۆن لە ئاسمانەوە ئاورینگ ،
نەرم نەرم نیگات تەڕ دەکات
چۆن لە زەمینەوە کەروێشکەی گیا
گیانت دەبزوێنێ
چاوت لێک بنێ و.. تەنها بیر لە عەشق بکەرەوە
تەنها لە هەردووکمان و
لە هەودایی و، لە سەودایی
لە سەودایی و، لە هەودایی
هێمن هێمن،
ڕا بمێنە لە قوڵایی قەوارەی هەردووکمان
بیر بکەرەوە
لەو دارسێوەی کە لە سێبەریدا تێرسەمامان کرد
لەو گەڵایانەی کردمانن بە کراس
لەو لقانەی کە یادگارییەکانی عەشقمان لەسەر نووسی
هێمنتر و هێمنتر
قوڵتر و قوڵتر
ئارام ئارام لای ئەو دارسێوە بمێنەرەوە
جەستەت تژیکە لە ڕووناکی ژووان
چاوت تژیکە لە ڕووانینی نیان
گوێکانت پڕ کە لە چەهچەهەی ڕامووسان

دەروونت پڕاوپڕ کە لە سۆزی هەمیشەیی عەشق و،
دەماخت پڕ، پڕ کە لە بۆنی ئاوێزان
ئێستا چاوەکانت پڕن لە چاوئەنداز
دەروونت تژییە لە وزەو نیاز،
دڵیشت پڕ، پڕە لە قوڵپەی ئەڤین و.. لە بەزم و ئاواز
ئێستا.. تۆ بۆ هەمیشە لەوێی،
لەوێ ، کە هەموو شتێ تامی تەلیسم و تەما دەدا
لەوێ کە هەموو بۆنێ وەک شەوبۆ خۆشە
هەموو ساتێ وەک سەما سرکە
ئیدی تۆ لەوێی! لە ئامێزی من.. لە بەر خاوەری خەونمدا
بۆ هەتا هەتایە لەوێی،
لەوێ کە گەڵاکانی دارسێوی ئەڤین
گیانمان دادەپۆشێ بە سەوزیی
لەوێ، کە جوانییەکان لە بەر تیشک ڕاکشاون
لەگەڵ تەلیسم و تەما دەدوێن
لەوێ، کە هەستەکان پەیتا پەیتا،
بە سەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن
لەوێ، هەردووکمان هەسارەئاسا
بە تەنافی تریفەوە هەڵواسراوین،
لە بۆشاییدا وەکو زەنگ دێین و دەچین
زرینگانەوەمان عەشقە و.. دەجریوێنێ بە ناز
جریوەمان زەنگە و.. دەنگە و.. ئاوازی نیاز
ئاوازی توانەوە لە بۆتەی گوڵدا،
دەنگی ترپە ترپی تەما، لە نۆتەی دڵدا
لەوێ.. سات سەرهەڵدەگرێ و.. کات کاڵ دەبێتەوە، کاڵ
شەو شەوارە دەکات و.. ڕۆژ ڕێی لێ ون دەبێ،
سروشت حاڵ دەیگرێ، حاڵ
لەوێ، ماناکان لە فەرهەنگدا دووی ئەڤین دەکەون
پیتەکانی ماچ لە ئامێزی ئاوێزاندا کۆدەبنەوە
واژەکان دەست لە ملی وروژان دەکەن
لە باوەشی هەژان دەخەون
لە خەوندا، پیتەکان خێرا خێرا لە خۆیان
خەندە ، خاوەر، خەیاڵ و خاوبوونەوە چێد دەکەن
تا خەیاڵ بڕکات، خاوەر بە ڕوومانا دەخەنێتەوە
لەوێ، کە من و تۆ تەنیاترین تەنیاین..
من و تۆ.. هەم مرۆڤین.. هەم خوداین!
بۆ هەتا هەتایە.. لە ئامێزت دەگرم و لە ئامێزم بگرە
تا دیمەنی ئاوێزانمان دەبێتە پەیکەری دڵ
تا نەرم نەرم دەتوێینەوە و دەڕژێینە ناو بۆتەی گوڵ.